گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆنانی هەرەمیی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا

**ڕێکان محمدأمین صابر**

زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

rekanamin76@gmail.com

**پ. د. حاتم ولیا محمد**

زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

hatam.muhammad@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٦

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٣

بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

*Hierarchical ،Structure ، Complex ،Word ،Kurdish Language*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.24

## پوختە

ئەو تیۆرەی یاخود کۆی ئەو بۆچوونانەی زمانەوانان کە لە چەند سەرچاوەیەکی زانستی خستوویانەتەڕوو، بەناوی تیۆری مۆرفۆلۆژیی (مۆرفیم - بناغە) (Morpheme - Based morphology)، ئەمە وادەکات شیکردنەوە و لێکدانەوەکان زیاتر لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا خەستبکرێتەوە، هەموو ئەو بنەمایانەی کە لە شیکردنەوەی سینتاکسدا پەیڕەودەکرێت، دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانی پێلێکبدرێتەوە. پوختەی ئەم تیۆرە پەیوەستە بە ڕێبازی لێکدانی مۆرفیمەکان، بەو واتایەی وشەی ناسادە وەکو زنجیرەیەک مۆرفیم دێتە بەرچاو، خراونەتە پاڵ یەکترییەوە، لەبەر ئەوە لەم تیۆرەدا دەتوانرێت مۆرفۆلۆژیی وەکو سینتاکس مۆرفیمەکان بناسێنێت، کەواتە هەمان ئەو ڕێزمانە بوون و ڕۆڵی لە لێکدانی مۆرفیمەکاندا هەیە. لەم تیۆرەدا، یەکەی سەرەکی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمە، کە یەکەیەکە لە وشە یان بچووکتر لە وشە پێکدێت، گیرەکانیش هاوشێوەی مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی لە فەرهەنگی زمانەکەدا دەبنە خاوەن دەروازەیەکی فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان. لەم تیۆرەدا یاساکانی وشە دروستکردن کار لەسەر زنجیرە مۆرفیمەکان دەکەن و چۆنیەتی پێکهێنانی یەکە فەرهەنگییەکان دیاریدەکەن، بەپێی ئەم بۆچوونە لە پرۆسەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆرفۆلۆژیدا تێکردە مۆرفیمەکان دەگرێتەوە و دەرکردەش وشەی تەواو لەخۆدەگرێت، ئەم بۆچوون و تیۆرە بۆ ئەو زمانانە گونجاوە کە لەنێوان ئەو مۆرفیمانەی کە وشەکانیان پێکدەهێنن سنورێکی ڕوونیان هەیە.

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (ڕۆنانی هەرەمیی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا) یە، هەوڵێکە بۆ دەرخستن و چۆنیەتی لێکدانەوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بۆ دروستکردنی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، بە شێوازی هەرەمیی بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم - بناغە (Morpheme - Based Model)، مۆرفۆلۆژیی وەک ئاستێکی ڕێزمان کراوەتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی کە ڕۆنانی وشەکانی لەسەر بنیاد نراوە.

### 1-1 هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

ڕیزبوون و چوونە پاڵیەکی مۆرفیمەکان لە پێکهاتەیەکی (هەرەمیی) هەنگاو بە هەنگاودا، لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژییەوە دیاردەیەکی گرنگە و لە زۆربەی زمانەکاندا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان جێگە و بایەخێکی گرنگیان لە دەوڵەندکردنی فەرهەنگدا هەیە و وشەگەلێکی زۆر لەم ڕێگایانەوە دروست دەبێت، لەم توێژینەوەیەدا تیۆری مۆرفۆلۆژیی (مۆرفیم - بناغە) لێکدانەوەی تایبەت بۆ پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی دەکات، هەروەها نیشاندان و تیشک خستنەسەر چۆنیەتی ڕیزبوونی مۆرفیمەکان لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا لە زمانی کوردی، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە.

### 2-1 گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە

گرفتی توێژینەوەکە لەوەدایە، کەوا زمانی کوردی لەڕووی تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژییەوە ناچێتە چوارچێوەی جۆرێکی زمانی دیاریکراوەوە، زیاتر لەگەڵ ئەو زمانانەدا گونجاوە، کەوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتمەندی زمانە لکاو و تێکچرژاوەکان لەخۆدەگرێت، بۆیە دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی توێژینەوەکەمان بدەینەوە کەوا:

- ئایا تیۆری مۆرفۆلۆژیی چۆن پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا لێکدەدات؟
- ئایا هاتنی مۆرفیمەکان و ڕیزبوونیان لە پرۆسەی (دارشتن)دا، لە زمانی کوردیدا چۆنە؟
- ئایا ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی ڕۆنانی هەرەمیی وشەی ئاڵۆز لەگەڵ ڕۆنانێکی ناهەرەمیی (فلات) هیچ جیاوازییەکی لە لێکدانی گیرەک و مۆرفیمەکاندا هەیە؟
- ئایا پێکهاتە هەرەمییەکان دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی، یاخود هەروەک پێکهاتە ناهەرەمییەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە؟

کەواتە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، کەوا ئێمە پرۆسەی هەرەمیی و پێکەوەهاتنی مۆرفیمەکان لەهەر زمانێکی دیاریکراودا لێکجیابکەینەوە، کە دەکرێت بەپێی یاسا و لەرێگەی کەوانە ناولێنراوەکاندا یاخود لە ڕێگەی هێڵکاری درەختییەوە بخرێتەڕوو.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، خستنەڕووی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە لە لێکدانەوەی وشەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی و ڕیزبوونی مۆرفیمەکان، لەوەی کەوا چۆن ڕستە ڕۆنانێکی هەرەمیی هەیە، بەهەمانشێوە دەیسەلمێنین، کە وشە ناسادەکانی زمانیش (لێکدراو و دارێژراو) ڕۆنانێکی هەرەمییان هەیە، تیشک دەخەینەسەر چۆنیەتی ڕیزبوونی مۆرفیمەکان و ئەو یاسایانەی بەر ئەم دیاردە زمانییە دەکەون.

## 4-1 سنووری توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکە تەنیا ئەو پێکهاتانە لەخۆدەگرێت، کە بەشێوەی میکانزمی هەنگاو بە هەنگاو بە ڕۆنانی هەرەمیی دروستبوون، واتە پەیوەستکراوە بە ئەرکی وشە دروستکردن لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژییدا، کە چەند پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی لەخۆدەگرێت. واتە ئێمە ناچینە ناو چوارچێوەی ئەرکی دووەمی مۆرفۆلۆژیی کە ئەرکی گەردانیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5-1 ڕێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی (وەسفی) ئێستایی پەیرەوکراوە، واتە بۆ دەرخستنی توانا و چالاکی مۆرفیمەکان، پشتمان بە قسەکردنی ئێستای زمانی کوردی بەستووە، بەپێی پێویست پەنامان بردۆتە بەر لایەنی مێژوویی، چونکە زۆر جار ڕەگ داکوتراوی مۆرفیمەکان و بەردەوامی گەشەی مێژوویی هۆکارێکە بۆ چالاکی و تواناداربوونی ئێستایان.

## 6-1 کەرەسەی توێژینەوەکە

کەرەسەی توێژینەوەکە، نموونەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی بەگشتی لە سنووری کرمانجی ناوەڕاستدا شیدەکاتەوە، کە پێوەری سینتاکسی بدرێتە پاڵ وشە ناسادەکانی زمان، پێویستە ئاماژە بەمەش بکەین کەوا هەڵبژاردنی وشەکان لەنێو ئەم فەرهەنگانەدا مەبەستدارانە بووە، واتە هەڕەمەکی نەبووە، بەدوای ئەو نموونانەدا گەڕاوین کە مەبەستەکەمان دەپێکێنێت.

## 7-1 پلانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە کە ناونیشانی (ڕۆنانی هەڕەمیی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا) وەرگرتووە، لە پێشەکی و پوختە و پلانی توێژینەوە و دوو بەش و ئەنجام و دواتر لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم لەژێر ناونیشانی (ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا)یە، باس لە چەمکی وشە و ڕۆنانی ناوەوە و دەرەوەی وشە کراوە، بەڵام لە بەشی دووەمدا کە ناونیشانی (ڕۆنانی هەڕەمیی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا)یە، سەرەتا باس لەتیۆری مۆرفۆلۆژیی (مۆرفیم - بناغە) دەکات، دواتر باس لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی دارشتن دەکات، لەناو پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی دارشتن ئاماژە بە چۆنیەتی چوونە پاڵیەکی مۆرفیمەکان کراوە بەشێوەی هەڕەمیی، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە باس لە پێکهاتە یەکهەنگاوییەکانیش کراوە، کە ڕۆنانی ناهەڕەمیی لەخۆدەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا

### 1-2 وشە چییە؟

وشە وەک دانەیەکی گرنگ و سەرەکی زمان، هەر لە کۆنەوە سەرنجی زانایان و زمانەوانانی ڕاکێشاوە، کە لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی هەمەچەشنە و هەمەلایەنە، بەردەوام هەوڵ دراوە و بەوردی لێی کۆڵراوەتەوە و هەنگاوی بەرچاو و گەورەی بۆ نراوە، تا ئەمڕۆ چەندین کاری زانستی پڕ بەها و بەسوود و بەڕێگای جیاواز لە چوارچێوەی زانستی زماندا لێوەی کراوە، پەل بۆ پەیبردن بە جەوهەری ئەم دانەیە هاوێژراوە و بەرهەمی دیار و سەرکەوتووی لێکەوتۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو گرنگییەی وشەدا، زمانەوانان لەسەر ئەوەی کە وشە دانەیەکی گرنگ و سەرەکی زمانە کۆکن، بەڵام لە پێناسەکردن و دیاریکردنی نیشانە و تایبەتمەندییەکانی یەک ناگرنەوە. بە تێڕوانین و بیر و بۆچوونی جیاوازەوە بە پیر مەسەلەکەوە ڕۆیشتوون. کەواتە (هەر هەوڵدانێک بۆ پێناسەکردنی وشە بەشێوەیەک، کە تەواوی سروشتی وشە و تایبەتمەندییەکانی وەک یەکەی زمانی شیبکاتەوە ئاسان نییە، بۆیە هەندێک لە زمانەوانان بۆ ئەوە دەچن، کە وشە دانەیەکی وابێ بوونی لە زمانەوانیدا نەبێ، هەر وەکو (مالینۆڤسکی) کە وشەی بە دانەیەکی خەیاڵی داناوە باوەڕی بەوە نییە کە بوونی لە زمانەوانیدا هەبێت، (محمد، 2019: ل46). لای ڕۆنانکارەکان وشە کەرەسەیەکە، کە هەردوو لای بە بۆشایی گیراوە، ((وشە یەکەیەکە کە هەردوو لای بە بۆشایی گیراوە))، (Crystal, 1981: p188). لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە وشە لە ڕوانگەیەکی مادییەوە سەیرکراوە، وەک پێکهاتەیەکی بەرجەستە باسکراوە، چونکە بەر هەستی بینین دەکەوێت، بەهۆی بۆشایی پێش و پاشیەوە دەناسرێتەوە، یاخود وشە ((بچووکترین یەکەیە کە ڕستەی لێپێکدەهێنرێت))، (Matthews, 2007: p236). یاخود لە پێناسەیەکی تر بۆ وشە ((وشە بچووکترین دانەی واتادارە لە ئاخاوتندا))، (أولمان، 1986: ل26). هەر پێناسەیەو بەجۆرێک هەوڵیداوە سروشتی وشە دیاری بکاو لە دانەکانی تر جیای بکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە بەدەستهاتووە ئەوەیە کە پێناسەکان نەیانتوانیوە شوناسێک بدەنە وشەو کە جیای بکاتەوە لە دانە زمانییەکانی تر، زیاتر ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانویست لە ڕوانگەی ڕۆنانەوە سەیری وشە بکەن و (واتا)ش بکەن بە پێوانە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم پێوانەیە لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەدا ئەنجامێکی شیاوی بەدەستەوە نەدا، چونکە ((وشە دانەی گوزارشتکردنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە زمانی ئاخاوتن و لە زمانی نووسینیشدا))، (Crystal, 1992: p419). گوزارشتکردنیش کردەیەکە پابەندە بە تێگەیشتن و بیر و واتاوە، کاتێکیش ئەوانەی دێنە ناوەوە، ئەوا ئەو ڕاستییە خۆی دەنوێنێت، کە چەمکی وشە و ڕەهەندە لاوەکییەکانی ئاڵۆزە و نەک تەنیا مەودای یەکەی ڕۆنانی تێدەپەڕێنێت، بەڵکو ئەو گرفتەش دێنێتە ئاراوە کە (واتا) هەمیشە لەوە زیاترە کە پەیوەندییەکی وابەستەیی بێ لەنێوان وشە و (شت) دا، چونکە لە بنەڕەتدا وشە ((گوزارشتکردنە لە بیری پەنهان و شاراوە))، (نخبة من المختصين، 2003: ص19). بیر و دیاردەکانیش سادە نین و ناکرێت لەیەک ئاستی شیکردنەوەدا بۆ کەرەسەی چۆنیەک و هاوئاست شیبکرێتەوە. پێناسەکردنی وشە ئەوەندە کارێکی گەورەیە، زانایان زۆربەیان وای دادەنێن کە ئەو مەسەلەیە تەواو دەرناچێت، بۆیە دیاری ناکەن، دیاریکردنی هەمە لایەنەی چەمک خۆی لەهەموو زانستێکدا سەخت و قورسە، جا پێناسەکردنی وشە وەک دەردەکەوێت گرانییەکی تایبەتێتی ترە، چونکە ((وشە کە یەکگرتنی دەنگ و واتایە (کورگ)*ە، یا بوئرەیەکی ساز و بێ وێنەیە و کێشە و پرۆبلێمی زمانەوانی و فەلسەفی و سایکۆلۆژی تێدەرژێت، جگە لەوە نەک هەر دانەیەکی سەرەکی فەرهەنگە، بەڵکو هی بینای گراماتیکی زمانییە))، (سدیق، 2016: ل15). بەم جۆرە قورس و گرانییە، یەکگرتنی گراماتیکی و لێکسیکی دەردەکەوێت. کەواتە بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە وشە یەکەیەکی زمانی فرە ڕەهەندە، لە هیچ ئاستێک لە ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانیدا دانەیەکی ڕەها نییە، بەڵکو وشە یەکەیەکی بیر نوێنە و لە هەموو ئاستێکدا بوونی پێویستە و شیکردنەوەی زمانی مامەڵەیەکی تەوەریی لەگەڵدا دەکات.

## 2-2 ڕۆنانی وشە Word Formation

وشە وەکو دانەیەکی زمان لە پەیڕەوی دەنگ و واتا پێکهاتووە، لە زانستی زماندا هەندێك جار ڕۆنان و پەیڕەو بە هەمان واتا بەکاردێن، هەندێك جاریش هەریەکەیان واتایەکی جیاوازی دەدرێتێ، ڕۆنان بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵکەوتی کەرەسەی ئاڵۆزە (وشە یان ڕستە) و پیشاندانی پەیوەندی ئەو پارچانەی کە لە چوارچێوەیەکدا لەبری یەکتری بەکاردێن، (فەتاح،

* وشەی (کورگ) لە گەرمیان بەرامبەر (بؤرة) ی عەرەبی بەکاردێت، (سدیق، 2011: ل15). (بؤرة) بەمانای خاڵێکی سەرەکی لە بابەتێک بەکاردێت، (بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی ئەلیکترۆنی).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠١١: ل١٥٣). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوانەکانی سوسێر، کە بۆ یەکەم جار لە مێژوویی زمانەوانیدا هەندێ بیرو بۆچوونی نوێی هێنایە ناو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کە لەژێر سێ تەوەری سەرەکیدا کۆدەکرێنەوە، کە بریتین لە لایەنی ئێستایی و مێژوویی زمان، جیاوازی نێوان زمان و گوتن، پەیرەو لە زماندا، (فەرهادی، ٢٠١٣: ل120).

ڕۆنان لەزماندا بریتییە لە چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەسە زمانییەکان، واتە ئەو کەرەسانەی دەچنە ناو یەکەیەك کە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، ئەم پەیوەندییە ڕێگرە لە بەردەم هەڵبژاردنی ئازادی کەرەسەکان و دانانیان لەناو یەکەکاندا. (وەك زانراوە بچووکترین کەرەسەی زمان تاکە دەنگەکانیەتی، بە هەریەك لەو دەنگانە دەوترێت فۆنیم، چەند فۆنیمێك بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکان لەیەکدەدرێت و بڕگە دروستدەکەن، هەروەها بەیەك فۆنیم یان زیاتر مۆرفیم دەنوێنرێت، بەیەك مۆرفیم یان زیاتر وشە پێکدێت، بەیەك وشە یان زیاتر فرێز دەنوێرێ و چەند فرێزێك ڕستە پێکدەهێنن)، (ئەمین، 2004: ل112). وشەڕۆنان لە زانستی زماندا بەو بەشە دەڵێن کە لە چۆنیەتی پێکهاتن و یاسای دروستبوونی وشەکانی ئەمڕۆی زمان دەکۆڵێتەوە، هەروەك کەرەسەی لێکسیکۆلۆژی بریتییە لە وشە، هەروەها وشەڕۆنان (word-formations)یش هەر لە وشە دەدوێت، بەڵام لێرەدا لەڕووی مانا و واتاوە لێی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو کاری پێویست و گرنگ نیشاندانی چۆنیەتی پێکهاتن و دروستبوونی وشە و دیاریکردنی پارچەکانییێتی، (مارف، 2014: ل31). بۆ نموونە ئەگەر لەباری وشە ڕۆنانەوە سەیری وشەی کوردستان بکەین، دەبینین لە وشەی /کورد/ و پاشگری /ستان/ پێکهاتووە. بەم جۆرە لە وشەی کوردستاندا دوو پارچەی واتادار هەیە، کە هەر پارچەیەکیان دەکرێت لەگەڵ پارچەی تردا بەکاربهێنرێت. (ئەو یاسایەنەی وشەڕۆنانیش بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ئەبستراکت لەبەشی هۆشەکی ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانەکاندا هەن، لەکاتی گفتوگۆ و پەیوەندیکردندا بەشێوەیەکی بێئاگایی بەکاریاندەهێنن)، (عوسمان، 2015: ل6). واتە ئەم یاسا ڕێزمانیانە کۆڵەگەی گشتی زمانن و دەبنە بناغە بۆ بەرهەمهێنانی دانەی دیکە، کە لە مێشکی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراودا هەڵگیراون و لەکاتی پێویستدا پەنایان بۆ دەبرێن، تا لە ڕێگایانەوە بتوانن وشەی نوێ بەرهەمبێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-2-2 ڕۆنانی ناوەوەی وشە Internal word-Structure

ئەو وشانەی لەزماندا زیاتر لە مۆرفیمێك لەخۆدەگرن، پێکهاتەکانیان بۆ یەکەی واتاداری بچووکتر شیدەکرێنەوە، واتە ئەم جۆرە وشانە خاوەن ڕۆنانێکی ناوەکین، بنەمای دانە پێکهێنەرەکانی زمان کە لەسەر پەیوەندیی هاوشینی (ئاسۆیی) و جێنشینی (ستونی) دامەزراون بنەمای بەهێزن، چونکە دەتوانن لێکدان و گۆڕین و ڕێکخستنەوەی هەمەجۆر بەرهەمبهێنن. واتە بۆ زانینی ئەوەی وشە لەچەند کەرەسە پێکهاتووە، سەرەتا بەهۆی پەیوەندیی ئاسۆیی کەرەسەکان جیا دەکرێنەوە، دواتر بەهۆی پەیوەندیی ستوونی کەرەسەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەین، ئەگەر کەرەسەیەك لە پێکهاتەی تردا واتا بەدەستەوە بدات بە مۆرفیم دادەنرێت، (باتینی، ١٩٩٣: ل١٩٢). بۆ زیاتر ڕونکردنەوە سەرنجی ئەم نموونانە بدە:

أ- [[ئاسن] + ەوان] ← [ئـاسـنـەوان]

ناو　　پاشگری وشە و دارێژی پیشە

ب- [[شاخ] + گەر] ← [شـاخـگـەر]

ناو　　پاشگری وشە و دارێژی پیشە

ئەم نموونانە لەڕووی واتاییەوە نادروستن، چونکە لە خستنە تەکیەکی پێکهێنەرەکانی ئەم پێکهاتانە ڕەچاوی پەیوەندیی ئاسۆیی نەکراوە، هەرچەندە هەردوو گیرەکی /ەوان/ ، /گەر/، ناوی پیشە بەرهەمدێنن، بەڵام نارێزمانیان لەوەدایە کە گیرەکی /گەر/ هاورێیەتی لەگەڵ ئەو جۆرە بنکەدا هەیە، (ئەحمەد، 2010: ل73). هەرچی گیرەکی /ەوان/ە دەچێتە سەر ناو و سەرەڕای سیمای (+ پیشە + پارێزگاری) هەندێك جاریش سیمای (+ ئەزموون + شارەزایی) هەڵدەگرێت، (ئەحمەد، ٢٠٠٤: ل١٤٣). بۆیە لەڕووی پەسندی واتاییەوە پێویستە بوترێت [ئاسنگەر ، شاخەوان].

لە نموونەیەکی تردا وەك:

أ- [[نووس] + ەر] ← [نووسەر]

ب- [[ڕاهێن] + ەر] ← [ڕاهێنەر]

لەم نموونەیەشدا پەیرەوی (فۆرم - واتا) وەکیەك بەدیکراوە، کۆمەڵەی (٢- أ) ڕەگی کارە، لەڕووی فۆرمەوە جیاوازە لەکۆمەڵەی (2- ب) کە گیرەکی /ەر/ ی بۆ زیادکراوە واتایەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوشێوی پێدراوە، ئەویش بە واتای ئەو کەسە دێت کە کاردەکات، ئەمەش بنەمایەکە بۆ لێکدانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی ناوەوەی وشە، (Booij, 2007: p7).

## 2-2-2 ڕۆنانی دەرەوەی وشە External word - structure

لە ڕۆنانی دەرەوەی وشەدا گرنگیدانە بە فۆڕم نەك واتا، ئەمەش دیوی دەرەوەی وشەیە، بەهۆی نواندنە فۆنۆلۆژییەکانەوە بەرجەستە دەکرێت، نواندنی فۆنەتیکیانەی فۆنیمەکان وابەستەی ئەو مەرج و کۆتوبەندانەن، کە لە نواندنی فۆنۆلۆژییاندا پەیڕەوکردنیان بە خورتییە، لە داڕشتنە فۆنەتیکیەکەشیاندا لەیەکچوونی فۆنەکان پەیوەستە بە چۆنیەتی درکاندن و جولەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن، (سەعید، 2020: ل35). چونکە دەنگەکان کاتێك لە پێکهاتەی بڕگە و وشە و ڕستەدا بەکاردەهێنرێت کار لەیەکتری دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە، بەپێی یاسای جۆراوجۆر خۆیان دەنوێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاتێك مۆرفیمەکان دەچنە پاڵیەك گۆڕان لە دەنگ دروست دەبێت، بۆ نموونە:

أ- [[دەست] + [گا]] ← [دەزگا]

ب- [[مس] + [گەر]] ← [مزگەر]

لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکان لەم پێکهاتانەدا دەنگی /س/ گۆڕاوە بۆ /ز/ بەمەش گۆڕانی فۆرمی دروستبووە. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە /س/ دەنگێکی کپە بۆ گونجاندنی لەگەڵ دەنگی گڕی /گ/ دەگۆڕدرێت بۆ دەنگی گڕی /ز/ هەروەها دەنگی /س/ و /ز/ لەڕووی درکاندنەوە دوو دەنگی لێکچوون، چونکە (خشۆك، پوك، ددان) ین، جیاوازییان لەوەدایە دەنگی /س/ کپە و دەنگی /ز/ گڕە، دەنگی /ت/ یش لە کۆتایی کەرتی یەکەمی پێکهاتەکە سواوە، ئەمەش بە زۆری لەوکاتە ڕوودەدات، کاتێك دەکەوێتە کۆتایی وشەوە بەتایبەتی ئەگەر هاتوو بەدوای دەنگی /س/ ، /ش/ ، /و/ دابێت، (فەتاح، 2011: ل118-127). لەم ڕوانگەوە ڕێبازی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی گیرەکەکان بۆ دوو پۆل دابەشدەکات، پۆلی گیرەکە ڕێکەکان یان (بێلایەن - Neutral) کە بە بنکەوە دەلکێن هیچ گۆڕانێکی مۆرفۆلۆژیی لە بنکەکە دروست ناکەن، پۆلی گیرەکە نارێکەکان یان (لایەنگرەکان - Non Natural) کە بە بنکەوە دەلکێن کاریگەری بە سەر ڕۆنانی فۆنۆلۆژیی بنکەوە دەبێت، وەك:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ- [[ڕا + [خستن] ← [ڕایەخ]

لێرەدا /ڕا/ گیرەکێکی نارێکە، چونکە بێلایەن نەوەستاوە گۆڕانکاری لە بنکەوە ڕوویداوە، دەکرێت بنکەی (خستن) بە لاواز لە قەڵەم بدرێت و گیرەکەکە بە سەرەکی ناوببرێت، لە شێوەزاری سۆرانی بۆ ئەم قاڵبە چێوە ڕێژە (ڕاخەر) بەکاردێت، کە بەم شێوەیە دارێژراوە:

ب- [ڕا + خە + ەر] ← [ڕاخەر]

لێرەدا ڕەگەکە لە هەردوو لای ڕاست و چەپییەوە کاریگەری گیرەکەکانی کەوتۆتە سەر سنوورەکەیان لاوازتر کردووە، (بابەکر، 2016: ل20-26). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە ڕۆنانی وشەدا لەکارن.

## 3. ڕۆنانی هەرەمیی وشەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا

### 1-3 تیۆری مۆرفۆلۆژیی (مۆرفیم - بناغە)

بەگشتی لە زمانەوانیدا، دوو ئاراستەی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژیی بەرچاو دەکەون، ئەم دوو ئاراستە جیاوازە، بەشێوەیەک کار دەکەن، کە هەر یەکەیان بۆ شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانە پشت بە کۆمەڵێک بنەما و بیرکردنەوەی جیاواز دەبەستن، ئەو دوو ئاراستەیەش بریتین لە مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم - بناغە و مۆرفۆلۆژیی وشە - بناغە. هەر وەک لە ناوەکانیاندا دیارە یەکەمیان پشت بە مۆرفیم دەبەستێت وەکو یەکەی بنچینەیی و مۆرفۆلۆژیی، دووەمیش پشت بە وشە دەبەستێت لە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانەدا. کاتێکیش مۆرفیم یاخود وشە دەبێتە یەکەی بنچینەیی شیکردنەوە، زمانەوانان یەکێک لەم دوو ئاراستەیە دەکاتە بنەمای کارەکانی، دەبێت ئاگاداری سنووری نێوان ئەم دوو ئاڕاستەیە بین، چونکە بەشێکی ئەو تیۆرانەی لە مۆرفۆلۆژیدا کار دەکەن، توێژەر ناچاردەکات بە یەکێک لەم دوو ئاراستانە کاربکات. تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم - بناغە لەگەڵ سەرهەڵدان و هاتنە کایەی بیری مۆرفیم سەریهەڵدا، (خالید، 2021: ل39). تیۆری مۆرفۆلۆژیی (مۆرفیم - بناغە) پەیوەستە بە ڕێبازی لێکدانی مۆرفیمەکان (Morpheme combination approach)، (Haspelmath & Sims, 2010: p41).

بەم پێیە مۆرفۆلۆژیی بریتییە لە توێژینەوە لە لێکدانی مۆرفیمەکان بۆ دروستبوونی وشەکان، ئەم بۆچوونەش وەکو تیۆرێک لە بواری وشەسازیدا بڵاوبویەوە، واتە (یاساکانی مۆرفۆلۆژیی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای خستنەتەکیەکی مۆرفیمەکان دادەنرێن)، (مەحویی، 2010: ل66). بەو واتایەی وشەی ناسادە وەکو زنجیرەیەک مۆرفیم دێنە بەرچاو کە خراونەتە پاڵ یەکتری، لەبەر ئەوە لەم تیۆرەدا دەتوانرێت مۆرفۆلۆژیی وەکو سینتاکسی مۆرفیمەکان بناسرێت، (Booij, 2009: p1). لەم تیۆرەدا یەکەی سەرەکی شیکاری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمە، کە یەکەیەکە لە وشە یان بچووکتر لە وشە پێکدێت، بەپێی ئەم بۆچوونە وشەکان لە فەرهەنگی ئاوازەیی قسەکەرانی زماندا بە شێوەی مۆرفیمی هەڵدەگیرێن. بە بڕوای لایەنگرانی ئەم ڕێبازە ئەمە بەو واتایەیە کە:

**یەکەم:** پێویست ناکات یەک یەکەی وشەکان لە ئاوەزدا هەڵبگرن و بیپارێزن، بۆیە ئەم شێوازە ئابوریترە.

**دووەم:** بەو پێیەی لەوێدا وشەکان بەشێکی دووبارەیان هەیە، واتە هەمان یاسای مۆرفۆلۆژییان هەیە، بۆیە هەڵگرتنی وشەکان بەشێوەی مۆرفیمی دەبێتە هۆی لابردنی شتە ناپێویست و لاوەکییەکان لە فەرهەنگدا، (حەمەد، 2023: ل7).

لەم تیۆرەدا یاساکانی وشە دروستکردن بەراورد دەکرێن بە یاساکانی ڕستەسازی، واتە هەروەک چۆن یاساکانی پێکهێنەری پێکهاتەیی کار لەسەر زنجیرە فەرهەنگییەکان دەکەن و چۆنیەتی پێکهێنانی یەکە گەورەکان دیاریدەکەن، لە مۆرفۆلۆژیشدا یاساکانی وشەدروستکردن کار لەسەر زنجیرە مۆرفیمەکان دەکەن و چۆنیەتی پێکهێنانی یەکە فەرهەنگییەکان دیاریدەکەن، جگە لەمەش بەپێی ئەم بۆچوونە لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیدا تێکردە مۆرفیمەکان دەگرێتەوە و دەرکردەش وشەی تەواو لەخۆدەگرێت، (شەریفی، 1391: ل409-410). لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم - بناغەدا دروستبوون و پێکهاتنی وشە لە ئەنجامی ڕێکوپێکی بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکانەوە دێنەئاراوە، (Booij, 2010: p1). بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی [سەربەرزی] لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکانی [سەر/،/بەرز/،/ی/]یەوە دروستبووە و پێکهاتووە. لەم تیۆرەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە دەتوانرێت سنورێکی ڕون و دیاریکراو لەنێوان مۆرفیمەکاندا لەبەرچاوبگیرێت و بۆ هەر واتایەکی زیادکراو مۆرفیمێکی جیاواز بوونی دەبێت، کەواتە بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم - بناغە پەیوەندییەکی یەکبەیەک لەنێوان مۆرفیم و مۆرف، کە دەرکەوتنی فیزیکی مۆرفیمی هەیە. بناغەی تێگەیشتنی لایەنگرانی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم - بناغە کاتێک پەسندکراوە، کە ئێمە پێمان وایە، دروستەی مۆرفۆلۆژیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانەکانی جیهان بە جۆرێکە، کە لەنێوان مۆرفیم و مۆرفەکاندا پەیوەندییەکی یەکبەیەک بوونی هەیە، واتە لە بەرانبەر هەر مۆرفیمێکدا مۆرفێک و لە بەرانبەر هەر مۆرفێک مۆرفیمێک بوونی هەیە، بۆیە ئەم بۆچوون و تیۆرە بۆ ئەو زمانانە گونجاوە، کە لەنێوان ئەو مۆرفیمانەی کە وشەکانیان پێکدەهێنن، سنوورێکی ڕونیان هەیە و تایبەتمەندی ئاوێتەبوونی مۆرفیمەکان تیایاندا یان نابینرێن یان زۆر کەم دەبینرێن. بۆ نموونە زمانە لکاو و تێکچڕژاوەکان* لەو جۆرە زمانانە هەژمار دەکرێن.

## 2-3 پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان Morphological- Proses

مۆرفۆلۆژیی هاوشێوەی ئاستەکانی سینتاکس و دەنگسازی خاوەنی پێڕەوی زمانی تایبەت بەخۆیەتی، ئەم پێڕەوەش لەڕێی چەند پڕۆسەیەکەوە دروست دەبێت، کە پێیان دەوترێت پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، هەر زمانێکیش لەڕووی پەیڕەوکردنی ئەم پڕۆسانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زمانەکانی تر جیادەبێتەوە. "وشەدروستکردن ئەو لقەی زانستی زمانە، کە تێیدا ئەو تەرزانە پێکدەهێنرێنەوە و پەسندەکرێن و وەسفدەکرێن، کە پەیڕەوکردنیان دروستەی ناوەوەی وشەکانی زمان و لەم حاڵەتەدا ئەوانەی وشەکانی زمانی کوردیی دروستبووە و وشەی نوێش پێیان دروستدەکرێن"، (مەحوی، ٢٠١٠: ل45). لەهەر زمانێک کە باس لە پڕۆسەی وشەڕۆنانییەکان دەکرێت، ئەوا وشە سادەکانی زمان ناچێتە چوارچێوەی ئەم پڕۆسانەوە، بەڵکو وشە سادەکان دەبێت لە (وشەدان) واتە لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێت، (کەڕەمی، ١٣٩٦: ل132). واتە وشە سادەکانی زمان بەر پڕۆسەکانی وشەڕۆنان ناکەون، بەڵام لە بەرانبەر ئەم وشە سادانەدا وشەی نادسادە هەن کە بەهۆی پێڕەوی وشەڕۆنانی زمانەکەوە بەرهەم هاتوون، ئەم

* هەرچی ڕێژەی مۆرفیمی بە بەراورد بە وشەکە کەمتر بێت ئەوا زمانەکەی کەمتر لە لێکدانی مۆرفیم بۆ سازکردنی وشە کەلك وەردەگیرێت وەک زمانی ڤێتنامی چینی تارادەیەک ئینگلیزی وە هەرچی ڕێژەی مۆرفیمی بە بەراورد بە وشە زیاتر بێت ئەوا زمانەکەی زۆرتر لە لێکدانی مۆرفیم بۆ سازکردنی وشە کەڵک وەردەگیرێت وەک زمانی (تورکی، لێزگی (Lezgain)، سواحلی) کە تیایدا ڕێژەی مۆرفیم بە وشە زۆرە بە پێی تایپۆلۆژیی زمانی (typology) زمانەکانی جۆری یەکەم لە پۆلی زمانە دابڕاوەکان پۆلێن دەکرێن و زمانگەلی جۆری دووەم وەک زمانی (تێکچڕژاو) پۆلێن دەکرێن، زمانە ئێرانییەکان لە شوێنێکی نێوان ئەو دوو پۆلە دیاری دەکرێن، زمانە لکاوەکانیش لە پۆلی تێکچڕژاو هەژمار دەکرێن، بڕوانە (Haspelmath & Sims, 2010: p4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرە وشانە پێڕەوی پرۆسەیەکی وشەسازی زمانێکی دیاریکراو دەکەن، بەپێی یاساکانی زمانەکە کاردەکەن، تەنانەت ئاخێوەرانی زمان لە توانایاندا هەیە وشە، کە پێشتر نەیبیستووە دروست بکات، گوێگریش دەتوانێت لێکدانەوە بۆ وشە نوێیەکە بکات، ئەمەش بەهۆی ئەو پاشخانە وشەسازییەی، کە زمانەکە پێشتر پەسندی کردووە، (حەمەد، ٢023: ل53). لەم ڕوانگەوە هەردوو پرۆسەی (لێکدان و داڕشتن) دوو پرۆسەی سەرەکی وشەڕۆنانن، بێگومان لەپاڵ ئەم ڕێگایانەشدا، ڕێگا و شێوازی تر هەن، لەوانە (تێکەڵکردن، گۆڕین، وەرگرتن، ئەکرۆنیم، کورتکردنەوە، دووبارەبوونەوە، ... تاد)، بەڵام پرۆسەی داڕشتن (هەڵگواستن) و لێکدان دوو پرۆسەی بەرهەمداری وشەڕۆنانن لە زماندا، تەنانەت هەندێك زمانەوان هەموو ڕێگاکانی سازکردنی وشەی نوێ لەژێر تیشکی (لێکدان و داڕشتن)دا کۆدەکەنەوە، (حمد، ٢٠١٤: ل63). هەر لەم ڕوانگەیەوە زانست و تیۆری وشەڕۆنان خۆی بەکێشە و پرسیاری شیکردنەوەی وشە ئاوێتەکانەوە دانانیان لە گروپ و خانەی وشە لێکدراوەکان و هەڵگوێزراوەکاندا خەریک دەکات، (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ل37). لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژیی وەک داڕشتن و لێکدان و لێکدراوی داڕێژراو*، لە هەریەک لە زمانی کوردی دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسانە لە زۆربەی زمانەکاندا زۆرترین وشەیان پێدروستدەکرێت و سروشتیان لەیەکەوە نزیکە، بۆیە خستومانەتە چوارچێوەی بەشێکەوە.

## 1-2-3 پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی داڕشتن The Morphological Processes of Derivation

یەکێک لە پرۆسە بەرهەمدارەکانی وشە، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی داڕشتنە، واتا ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی زمان لەڕێگای ئەم پرۆسەیەوە دێنە بەرهەم لە زمانی کوردیدا، لەبەر ئەوەی سنورێکی فراوانتر بۆ قسەپێکەرانی زمان دەرەخسێنێت، تابتوانین وشەی نوێ بەم ڕێگایەوە ڕۆبنێن. داڕشتن بریتییە لە فۆرماندنی وشەی نوێ بەهۆی یەکگرتنی گیرەکەکانی داڕشتن لەگەڵ وشەیەکدا یا لەگەڵ هەندێك لە بنجە بەندەکان، (محمد، 2019: ل132). داڕشتن یەکێکە لە پرۆسە بەربڵاوەکانی وشەڕۆنان، ئەویش لەڕێگای زیادکردنی گیرەک بۆ سەر بنکە، جا

*پرۆسەی لێکدراوی داڕێژراو، مەبەست پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی لێکدان و داڕشتنە بەیەکەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو گیرەکە پێشگر، پاشگر یان ناوگر بێت، (أركان، 1399: ل101). ئەو بەرهەمەی کە لە پرۆسەی دارِشتن بەرهەم دێت پێی دەوترێت وشەی دارِێژراو، کەواتە (وشەی دارِێژراو لە وشەیەکی سادە و مۆرفیمێکی وشەدارێژ یان زیاتر پێکدێت)، (شوانی، 2014: ل188). واتە بەهۆی بنکەیەک و گیرەکێک یان زیاتر ئەم جۆرە وشانە دادەرِێژرێن، لە زمانی کوردیدا هەردوو جۆری گیرەک (پێشگر و پاشگر) رِۆڵی گرنگ لە دارِشتنی وشەی نوێ دەگێرِن.

بۆ نمونە:

نووس + ەر = نووسەر (ناوی دارِێژراو)

بە + پەلە = بەپەلە (ئاوەڵکاری دارِێژراو)

بە + خۆش + ی = بەخۆشی (ئاوەڵناوی دارِێژراو)

هەڵ + برِی = هەڵبرِی (کاری دارِێژراو)

هەشت + ا = هەشتا (ژمارەی دارِێژراو)

کەواتە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە ئەم پرۆسەیەی تێدا بەبەرهەمە و لە هەموو پۆلە رِێزمانییەکانی ناو، ئاوەڵناو، کار، ژمارە، ئاوەڵکار، جێبەجێدەکرێت. دارِشتن لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکان بەگشتی ئاماژەیە بۆ دروستکردنی گۆرِانکاری لە وشەی راستەقینە بۆ بەرهەمهێنانی وشەیەکی تازە. وشە دارِێژراوەکانی زمان لە دوو قاڵبدا دەردەکەوێت، چونکە گیرەک بەشداری لە پێکهێنان و دارِشتنی وشەی دارِێژراودا دەکات و دەچێتە سەر وشەیەکی سادەی واتادارەوە کە بە (لێکسیم) دادەنرێت، دەکرێت لەم دوو یاسایەدا بخرێتە رِوو:

$(X^{+})$ وشە دارِێژراوەکە $\quad$ $a\text{-}\ x^{-1} \rightarrow y^{0} + x^{-1}$

$(y)$ وشە سادەکەیە

$(X^{-})$ سەری وشە دارِێژراوەکەیە $\quad$ $b\text{-}\ x^{+1} \rightarrow x^{-1} + y^{0}$

لە چوارچێوەی ئەم یاسانەوە، ئەوەمان بۆ رِوندەبێتەوە، کە گیرەکەکە بە دواوەی وشەکەوە دەلکێت، ئەم فۆرمە تازەیە لەئەنجامی پەیوەندی سینتاکسی نێوان کۆی پێکهێنەرەکانییەوە دروست دەبێت لە وشەی دارِێژراودا، ئەگەرچی وشەی سادە پێکهێنەری بنەرِەتییە، بەڵام مەرج نییە سەرەی وشە دارِێژراوەکە بێت، چونکە هەمووکات وشە سادەکە پۆل

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و فۆرمی تازە و نوێی دانەهێناوە، بەڵکو گیرەکە ئەم دۆخەی بە فۆرمە تازەکە داوە، (حەمەد، 2023: ل57-58).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم یاسایانەی سەرەوە، هەندێک نموونە دەخەینە ڕوو:

**یاسای (a)**




[[ مندال ] + [ انە ]] < [ مندالانە
ناو گیرەك ئاوەڵناو - ئاوەڵکار

**هێڵکاری (1) وشەدارێژراوی [مندالانە] لەرێگای هێلکارییەکی درەختیدا**

**یاسای (b)**




[[ بێ ] + [ گیان ]] < [ بێگیان ]
گیرەك ناو ئاوەڵناو

**هێڵکاری (2) وشەدارێژراوی [بێگیان] لەرێگای هێلکارییەکی درەختیدا**

هەندێک لە زمانەوانەکانی وەکو selkirk, Aronoff،. پێیان وایە یاساکانی دارشتنی وشە (word, Formation Rules-WFR) دەشێت ئەو وشەیەی لەبەردەستدایە وەربگیرێت و گیرەکی بۆ زیاد بکەیت، هەروەها لەوانەیە گۆڕانێکی دەنگی (Phonological-Change) بەسەر وشەکە (بنجەکە) بێنێت، ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کەوا ئەلۆمۆرفی لێدەکەوێتەوە کە یاساکانی مۆرفۆلۆژیی یان یاسا مۆرفۆلۆژییەکان حوکمی دەکات، (Kiparskay, 1973: p7).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا:

بنج + گیرەك ← وشە دارێژراوی ئەلۆمۆرفی

لێژ + تر ← لێژتر، فۆرمێکی ڕێزمانی نوێ دەدات بە وشە بنجەکەوە

بنج گیرەکی ڕێزمانی لە پلەی بەراورد




ئەم گۆڕانکارییە دەنگییەی لە فۆرمی بنجی دێتە کایەوە، لەژێر دەسەڵاتی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان کاردەکات، بەڵام بە یاسایەکی فۆنۆلۆژیی کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

یاساکە:

$$C \rightarrow \begin{bmatrix} +\text{Fricative} \\ +\text{Voiced} \end{bmatrix} \quad |-\text{fricative}| \quad \begin{bmatrix} +\text{Voiced} \\ +\text{Voiced less} \end{bmatrix} \quad C \rightarrow /C$$

+ خشۆك    - گر    + گر

+ کپ

هەندێك لە مۆرفۆلۆژیناسەکان ئەم پرۆسەیە بە باشتر و شیاوتر دەزانن لە پرۆسەکانی دیکەی وشەڕۆنان، لەبەرئەوەی:

1- لەڕووی بڕگەوە لە هەموو شێوەکانی وشەسازی کورترە.

2- بەشێک لە کەرەستە زمانییەکان وەک (گیرەکەکان) کەبێواتان لەڕێگای بەکارهێنانیاندا چالاک دەبن و واتا دەبەخشن.

3- ڕەگی وشە لە وشە ڕۆنراوەکاندا هەر یەکە، واتە لەچەند وشەیەکی تری دارێژراودا دووبارە دەبنەوە، تەنیا پێویستە واتای ڕەگەکە بزانیت، بۆ نموونە وشەکانی (زانا، زانیاری، زانکۆ، نەزان، زانستگا، ... تاد) هەموویان لە ڕەگی (زان) دروستبوون و بنکەکە لە هەموویان دووبارە بۆتەوە، (ڕەحیمی، 1388: ل134).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-1-2-3 دارشتنی هەرەمیی Hierarchical Derivation

لایەنێکی پرۆسەکانی وشەرۆنان بریتییە لە لکاندنی گیرەکەکان، کاتێک دەچنە سەر بنکەیەک، وشەیەکی نوێ دێنێتە کایەوە، لە بابەتەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، کاتێک مۆرفیمەکان ریز دەبن لە پێکهاتەی وشەیەکی ناسادەدا، ئەوا چۆنیەتی چوونە پاڵیەکی کەرەسەکان یان ڕیزبەندییەکی هەرەمیی هەنگاو بەهەنگاو یاخود ڕیزبوونی مۆرفیمەکان (ناهەرەمیی) یەکهەنگاوی دەبێت، واتە کاتێک زیاتر لە گیرەکێک بەشداری لە دروستکردنی وشەیەکی دارێژراودا دەکات، گیرەکەکان بە ڕیزبەندییەکی دیاریکراوی هەنگاو بەهەنگاو بەشێوەی ئاسۆیی بە بناغەوە دەبەسترێتەوە، سەرەتا گیرەکە وشە دارێژەکە بۆ بنکە زیاد دەکرێت، وشەیەکی نوێ دروست دەبێت، پاشان گیرەکێکی دیکە بۆ ئەم وشە نوێیە کە خۆی بنکەی وشەکەیە زیاد دەکرێت و بەیەکەوە دەبەسترێتەوە، وشەیەکی تر دروست دەکەن، (أرکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ل١٨). کەواتە ئەم جۆرە گیرەک لکاندنەی هەنگاو بەهەنگاو ئەنجام دەدرێت، بەجۆرێک لەهەر هەنگاوێکدا گیرەکێک بۆ بنکە زیاد دەکرێت پێی دەوترێت پرۆسەی دارشتنی هەرەمیی. لە ئەنجامی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی دارشتن، کە وشە دارێژراوەکە لەدوای ماوەیەکدا لە زماندا جێگیر دەبێت و دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە، بە بنەمایەکی گرنگ و بەبەرهەم دادەنرێت بۆ هێنانەکایەی وشەی نوێباو و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانی. لە زمانی کوردیدا وشە و پێکهاتەی وامان دەست دەکەوێت کە مۆرفیمەکان بەپێی سیستەمی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی بەدوای یەکدا ڕیز بوون، هەر لەم چوارچێوەوە ئەومان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا لەناو گیرەکەکانی زمانی کوردیدا، (پاشگرەکان زۆر چالاکتر و بەبەرهەم ترن لە پێشگرەکاندا بەواتایەکی دیکە ژمارەی ئەو وشە دارێژراوانەی کە بەهۆی پاشگرەکانەوە دروست دەکرێت، زۆر زیاترە لە ژمارەی ئەو وشانەی کە بەهۆی پێشگرەکانەوە دروست دەبن، هەروەها پلەی بەبەرهەمی لە بەشەکانی تری ئاخاوتن بەرزترە)، (محمد، 2019: ل133). بۆیە لە پرۆسەکانی دارشتندا، پاشگرەکان زیاتر دەردەکەون و دەور دەبینن. لێرەدا هەندێك لە وشە ناسادەکانی زمان وەردەگرین بە دیاریکراوی (وشەدارێژراوەکان) کە لەرێگای پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی دارشتنەوە بەبەرهەمهاتوون، لە پێکهاتەی وشە دارێژراوەکاندا، چ لەشێوەی پێشگر یان پاشگر یاخود هەردووکیان پێکەوە، ئەوە لەرووی پێکهاتنەوە دەکرێت شێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕیزبوونیان بەچەند شێوەیەک ڕیزبکرێن، گیرەکەکان بەشێوەی زنجیریی یەک لەدوای یەک بە بنکەوە دەلکێنرێن، پەیوەندی ئەو توخمانەش لە ڕێگەی کەوانەی ناولێنراوەکان یان هێڵکاری درەختی نیشاندەدرێت. بۆ نموونە:

هەندێك لە وشە داڕێژراوەکان سێ گیرەک دەگرنە خۆ، بەجۆرێک گیرەکێک وەکو پێشگر بە بەشی پێشەوەی بنکەوە دەلکێت، دوو گیرەکی تر وەکو پاشگر لەدوای بنکەوە ڕیز دەبن، وەک لە وشەی (بێفڕۆکەوان) دا، (حەمەد، 2023: ل62). یاساکەش بەم شێوەیە:

بێ + فڕ + ۆکە + ەوان

پێشگر + بنکە + پاشگر + پاشگر

گیرەکی وشە داڕێژ + بنکە + گیرەکی وشە داڕێژ + گیرەکی وشە داڕێژ




[ بێ [[ فڕ ] + ۆکە ] + ەوان ]

**هێلکاری (3) ڕۆنانی هەرەمیی وشەداڕێژراوی [بێفڕۆکەوان] لەرێگای هێلکارییەکی درەختیدا**

لە پێکهاتەی ئەم وشە داڕێژراوەدا، گیرەکەکان هەنگاو بەهەنگاو بەشێوەی هەرەمیی ڕیزکراون، لە هەنگاوی یەکەمدا تەنها گیرەکی داڕێژراوی /ۆکە/ لەگەڵ /فڕ/ کە ڕەگی کارە، وشەیەکی واتادار بەرهەمدێت، ئەویش وشەی/ فڕۆکە/ یە، دواتر لە هەنگاوی دووەمدا پاشگری /ەوان/ بە وشە بەرهەمهاتووەکە دەلکێنرێت، وشەکە دەبێتە /فڕۆکەوان/ پاشان لە کۆتا هەنگاودا پێشگری /بێ/ بۆ کۆی وشە داڕێژراوەکە /فڕۆکەوان/ زیاد دەکرێت، چونکە پێشگری /بێ/ نە لەگەڵ ڕەگەکە وەکو [بێ + [فڕ]]، نە لە هەنگاوی دووەمدا وەکو [بێ +[[فڕ] +ۆکە]] وشەی مەبەستدار پێکناهێنێت. لە هەندێك وشەی داڕێژراوی تردا، هەندێک وشە بە شێوەیەک داڕێژراون، کە پێکهاتەکە دوو گیرەک دەگرێتە خۆی، بەجۆرێک دوو گیرەک لەدوای بنکەوە دێن وەک پاشگر، هەروەک لە وشە داڕێژراوی /زمانەوانی/، گیرەکەکان هەنگاو بەهەنگاو بە بنکەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لکاون، لە هەنگاوی یەکەمدا، پاشگری/ەوان/ بە بنکەی /زمان/ لکاوە، وشەی /زمانەوان/ پێکهاتووە، لە هەنگاوی دووەمدا پاشگری /ی/ بە وشە بەرهەمهاتووەکەوە دەلکێت و وشەی /زمانەوانی/ پێکدێت. یاساکەش بەم شێوەی خوارەوەیە:

زمان + ەوان + ی

بنکە + پاشگر + پاشگر

بنکە + گیرەکی وشەداڕێژ + گیرەکی وشەداڕێژ




**هێلکاری (4) ڕۆنانی هەرەمیی وشەداڕێژراوی [زمانەوانی] لەڕێگای هێلکارییەکی**

وشەی تری داڕێژراو هەیە لە زمانی کوردی بە شێوەیەک داڕێژراون کە گیرەکە فەرهەنگییەکە هەردوولای بنکە دەگرێ، واتە پێشگر و پاشگرەکان لەسەر بنکەیەک دەردەکەون وەک لە وشەی /بەهێزی/ سەرەتا وشەی /هێز/ پێشگری /بە/ ی وەرگرتووە و بووە بە /بەهێز/ لە هەنگاوی دووەمدا پاشگری /ی/ وەرگرتووە وشەکە بووە بە /بەهێزی/ ئەم پرۆسەیەش بە شێوەی زنجیرەیی هەنگاو بەهەنگاو پارچەکانی ناو وشەکە بەیەکەوە لکاون، کە دەکەونە ژێر ڕۆنانێکی هەرەمییەوە. یاساکەش بەم شێوەی خوارەوەیە:

بەهێزی

بە + هێز + ی

پێشگر + بنکە + پاشگر

گیرەکی وشەداڕێژ + بنکە + گیرەکی وشەداڕێژ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




[ ی + [ هێـز ] + بە ]]]

**هێلکاری (5) ڕۆنانی هەرەمیی وشەدارێژراوی [بەهێزی] لەڕێگای هێلکارییەکی**

وشەی دارێژراوی [هاوخەمی] بەهەمان یاسای وشەی دارێژراوی [بەهێزی] دروستبووە، سەرەتا بنکەی /خەم/ پێشگری /هاو/ ی وەرگرتووە و وشەکە بووە بە /هاوخەم/ لە هەنگاوی دووەمدا، پاشگری /ی/ وەرگرتووە و بووە بە /هاوخەمی/ پڕۆسەکە بەشێوەی زنجیرەیی هەنگاو بەهەنگاو بە توخمەکانی ناو وشەکە لکاون بەیەکەوە. بەپێی ئەم یاسایە:

هاوخەمی

هاو + خەم + ی

پێشگر + بنکە + پاشگر

گیرەکی وشە دارێژ + بنکە + گیرەکی وشەدارێژ




[ ی + [ خەم ] + هاو ]]]

**هێلکاری (6) ڕۆنانی هەرەمیی وشەدارێژراوی [هاوخەمی] لەڕێگای هێلکارییەکی**

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەتوانین نموونەیەکی تر لە وشەدارێژراوەکانی زمانی کوردی وەربگرین، کە بەهەمان یاسای (پێشگر، بنکە، پاشگر) پێکهاتووە، هەروەک لە وشەدارێژراوی [نەخۆشی]دا، ئەگەر سەیری پێکهاتەی ناوەوەی وشەکە بکەین، دەبینین ریزبوونی مۆرفیمەکان ڕۆنانێکی هەرەمیی لەخۆ دەگرێت، سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا بنکەی /خۆش/ پێشگری /نە/ی وەرگرتووە، وشەکە بووە بە /نەخۆش/، لە هەنگاوی دووەمدا پاشگری /ی/ چۆتە سەر وشەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

/نەخۆش/، وشەکە بووە بە /نەخۆشی/، پرۆسەکە بەشێوەیەکی زنجیرەیی هەنگاو بەهەنگاو توخمەکانی ناو وشەکە بەیەکەوە لکاون، بۆیە ئەم کەرەسانە لەڕووی هاتن و بەکارهێنانیانەوە دەبنە خاوەنی دوو دەروازەی جیاوازی بەکارهێنان، هەریەکەیان بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێن، وشە داڕێژراوی [نەخۆشی] بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە دروستبووە:

نە + خۆش + ی

پێشگر + بنکە + پاشگر

گیرەکی وشەداڕێژ + بنکە + گیرەکی وشەداڕێژ




**هێلکاری (7) ڕۆنانی هەرەمیی وشەداڕێژراوی [نەخۆشی] لەڕێگای هێلکارییەکی درەختیدا**

هەر بەپێی ئەم یاسایەی کە لە (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکدێت، دەتوانین وشەی داڕێژراوی [نەشارەزایی] وەربگرین، ئەو وشەیە لەڕووی پێکهاتنەوە، هەریەک لە گیرەکانی [/نە/ .../یی/] بەدوو شێوەی جیاواز ڕیزبەندکراون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پێکهاتەی ناوەندی ئەم پێکهاتەیە، چ بەلای ڕاست یاخود بە لای چەپی هەرەمەکەوەن، واتە لە هەنگاوی یەکەمدا پێگەی ئەم وشە داڕێژراوەی چ بەلای پێشگرەکان یان لەگەڵ پاشگرەکان وشەی واتاداریان پێکهێناوە، کە لە فەرهەنگی زمانی کوردی تۆمارکراون وەکو وشەی /نە + شارەزا/ و / شارەزا + یی/ هەردوو پێکهاتەکە واتادارن، هۆکاری ئەمەش بۆ تایبەتمەندی هاوبەشی بنکەی ئەم جۆرە گیرەکانە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو گیرەکانە [/نە/.../یی/] کەتیگۆری ئاوەڵناو وەکو بنکەی خۆیان هەڵدەبژێرن. (ئەو جۆرە وشانەی چ لەگەڵ پاشگر یان پێشگرەکە بێت، لەلای هەردوولایەوە وشەیەک دروستبکات کە دەروازەی فەرهەنگیان هەیە لە زماندا و وشەی واتادارن، پێیان دەوترێت ڕۆنانی هەرەمیی ئازاد، بەڵام شێوەکەی تر پێی دەوترێت ڕۆنانی هەرەمیی زنجیرەیی)، (حسێن، 2022: ل137).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک لەم هێلکارییە درەختییەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە.




**هێلکاری (8) ڕۆنانی هەرەمیی وشەداڕێژراوی [نەشارەزایی] لەڕێگای هێلکارییەکی**

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر دەتوانین هەندێك نموونەی تر لە وشە داڕێژراوەکانی زمانی کوردی وەربگرن کە بەر ڕۆنانی هەرەمیی ئازاد دەکەون، وەک لە وشەی [نەشارەزایی] خستمانە ڕوو، هەروەک لە وشەکانی [نامرۆڤانە، نامەردانە، ... تاد].




**هێلکاری (9) ڕۆنانی (هەرەمیی ئازاد) لە وشەداڕێژراوی [نامرۆڤانە] لەڕێگای هێلکارییەکی**




**هێلکاری (10) ڕۆنانی (هەرەمیی ئازاد) لە وشەداڕێژراوی [نامەردانە] لەڕێگای هێلکارییەکی**

لە هەندێك وشەی تردا، وشە داڕێژراوەکە سێ گیرەک لەخۆدەگرێت بە جۆرێک هەرسێ گیرەکەکە لەدوای بنکەوە دێت، واتە (بنکە کرۆکی واتایی وشەیە)، (Katamba &

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Stonham,2006: P42). دەکەوێتە سەرەتای وشە داڕێژراوەکە، هەروەک لە وشەی [زێڕینگەری]، پاساکەش بەم شێوەیە:

زێڕینگەری

زێڕ + ین + گەر + ی

بنکە + پاشگر + پاشگر + پاشگر

بنکە + گیرەکی وشە داڕێژ + گیرەکی وشە داڕێژ + گیرەکی وشە داڕێژ




[[[ زێڕ ] + ین ] + گەر ] + ی]

**هێڵکاری (11) ڕۆنانی هەرەمی وشەداڕێژراوی [زێڕینگەری] لە ڕێگای هێڵکارییەکی**

وشەی [زێڕینگەری] هەروەك لە هێڵکارییە درەختیەکەدا خراوەتەڕوو، سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا پاشگری /ین/ چۆتە پاڵ بنکەی /زێڕ/ وشەیەکی نوێی داڕێژراوی دروستکردووە، لە هەنگاوی دووەمدا پاشگری /گەر/ چۆتە پاڵ وشەی /زێڕین/ وشەی تری دروستکردووە، وشەکە بوەتە /زێڕینگەر/ لە هەنگاوی سێیەمدا، پاشگری /ی/ چۆتە پاڵ وشەی داڕێژراوی /زێڕینگەر/ وشەی /زێڕینگەری/ دروستبووە، کەواتە هەنگاو بەهەنگاو گیرەکەکان چوونەتە پاڵ یەکتری، ئەم شێوە ڕۆنانەش بەر پرۆسەی ڕۆنانی هەرەمیی دەکەون. هەر لە چوارچێوەی داڕشتنی هەرەمیی وشەی [undoable] لە زمانی ئینگلیزی وەردەگرین، کە ڕۆنانێکی هەرەمیی هەیە، دەتوانین بڵێین وشەکە دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت لێکدانەوەی یەکەم: بە زیادکردنی پێشگری نەرێنی [un] بۆ وشەی [doable] کە بە واتای (شتێك لە تواناد ا بێت بکرێت)، لێکدانەوەی دووەم: بە زیادکردنی پاشگری [able] بۆ وشەی [undo] واتاکەی دەگۆڕێت دەبێتە (شتێك لە توانادا نەبێت بکرێت)، کەواتە هەندێك جار بە ڕیزکردنی جیاجیای پێشگر و پاشگرەکان دەکرێت ببێتە هۆی جیاوازی گەورە لەواتای وشەداڕێژراوەکاندا، (Haspelmath & Sims, 2010: p144). لەم هێڵکارییە درەختیەی خوارەوەدا زیاتر ڕونکراوەتەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێڵکاری (12) ڕۆنانی هەرەمیی وشەداڕێژراوی [undoable]**

## 2-1-2-3 داڕشتنی ناهەرەمیی Non – Hierarchical Derivation

لە زمانی کوردیدا گریمانەی ئەوەی دەکرێت، ئەو پێکهاتانەی کە لە (پێشگر + بنکە + پاشگر) پێکهاتوون، بێجگە لەوەی کە پێشتر چەند نموونەیەکمان لێ ڕوونکردەوە لە وشەکانی زمانی کوردی کە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان بەر ڕۆنانێکی هەرەمیی دەکەون، هەروەك لە وشەکانی [هاوخەمی، بەهێزی، نەخۆشی، نەشارەزایی، نامەردانە، نامرۆڤانە]دا، دەکرێت هەندێك لە وشەکان بەپێی ئەم یاسایە بە پرۆسەی یەکهەنگاوی ناهەرەمیش بەرهەم بێت، واتا دەکرێت پێشگر و پاشگر لەیەککاتدا بە بنکەوە لکابن لەیەك پێکهاتەدا، بەم شێوەیە:

[pre + x + suf]

[پێشگر + بنکە + پاشگر]

کە نەزنجیرەی [pre + x] و نە [x + suf] بەتەنیا بونی نییە، واتا نازانرێت کام گیرەك پێشتر بۆ بنکە زیادکراوە و کام بەشی وشەکە زوتر سازبووە، (أرکان، 1390: ل12). بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بەشێك لە وشەکانی زمان وەردەگرین، کە بەر پرۆسەی یەکهەنگاوی دەکەون، هەروەك لە وشەی [تێکۆشەر] ئەگەر سەیری پێکهاتەی ناوەوەی وشەی [تێکۆشەر] بکەین دەبینین، چ لەگەڵ پێشگرەکە، وەکو:

[[تێ + [کۆش]] > [تێکۆش]

یاخود لەگەڵ پاشگرەکەی وەکو:

[[کۆش] + ەر]] > [کۆشەر]

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەروازەی فەرهەنگییان نییە، بەڵکو لەم پێکهاتەدا پێشگر یان پاشگرەکە بە بنکەوە لەیەك کاتدا خراونەتە پاڵ بنکەکانیان، بۆ ئەوەی وشەی واتادار بەرهەمبێنن. هەروەك لەم هێڵکاریە درەختییەوە ڕونکراوەتەوە.




**هێڵکاری (13) ڕۆنانی ناهەرەمیی وشەداڕێژراوی [تێکۆشەر] لە ڕۆنانێکی درەختیدا**

لە نموونەیەکی تر، ئەگەر سەرنج لە وشەی [ڕاهێنەر] بدەین، دەبینین وشەکە پێکهاتەیەکی ناهەرەمیی هەیە، واتا لەرووی داڕشتنەوە پەیرەوی داڕشتنی ڕۆنانی هەرەمیی ناکات، ڕیزبوونی مۆرفیمەکانی پێکهاتەی وشەی [ڕاهێنەر] بەیەك هەنگاو دروست بووە و یەك پێکهاتەیە، چونکە لە وشەکانی:

[[ڕا + [هێن]] > [ڕاهێن]

[[هێن] + ەر]] > [هێنەر]

نازانرێت لە هەنگاوی یەکەمدا کام لە گیرەکەکان بۆ بنکە زیادکراون مەبەست لەمە ئەوەیە، کەوا نازانرێت سەرەتا پێشگرەکان یان پاشگرەکان بۆ بنکەکە زیاد کراون، چونکە لەم جۆرە داڕشتنەدا بنکە چ لەگەڵ پێشگرەکە بێت وەکو /ڕا + هێن/، یاخود لەگەڵ پاشگرەکە دابێت وەکو /هێن + ەر/ وشەیەك بەرهەم ناهێنن کە واتای هەبێت و لە فەرهەنگی زماندا تۆمار بکرێت، هەر بۆیە بەم جۆرە داڕشتنە دەگوترێت داڕشتنی ناهەرەمیی، واتە لەیەککاتدا پێشگر و پاشگرەکان دەخرێتە پاڵ ئەم جۆرە داڕشتنە زیاتر لەم جۆرە پێکهاتانەدا بەرچاو دەکەوێت، کە وشە داڕێژراوەکە بە یاسای: (پێشگر + بنکە + پاشگر) دروستبوون.

وشەی [ڕاهێنەر] لەرێگای هێڵکاری درەختی زیاتر ڕووندەکەینەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێڵکاری (14) ڕۆنانی ناهەرەمیی وشەداڕێژراوی [ڕاهێنەر] لەڕێگای هێلکارییەکی**

هەروەها وشەی [پێخۆر] بەهەمان شێوەی وشەکانی [ڕاهێنەر، تێکۆشەر] دروستبوون، دەکەوێتە بەر داڕشتنی ڕۆنانی ناهەرەمیی:




**هێڵکاری (15) ڕۆنانی ناهەرەمیی وشەداڕێژراوی [پێخۆر] لەڕێگای هێلکارییەکی**

هەر لە ڕوانگەی ڕیزبوونی گیرەکەکانەوە، لە پێکهاتەی وشە داڕێژراوەکانی زمانی کوردیدا، ئاماژە بە سێ جۆر ڕیزبوونی گیرەکەکان کراوە، هەروەک لە نموونەکان ئاماژەمان پێکرد، کە بریتیبوون لە ڕیزبوونی هەرەمیی زنجیرەیی، کە گیرەکەکان هەنگاو بەهەنگاو چوونەتە پاڵ بنکە و پێکهاتەیەکی زمانیان ڕۆناوە، یاخود ڕیزبوونی هەرەمیی ئازاد، کە ئەم چەشنە ڕیزبوونەش گیرەکەکان پەیڕەوی ڕیزبەندی هەرەمیی دەکەن، بەڵام ئەم جۆرە وشانە لەڕووی چوونە ژوورەوەی فەرهەنگییەوە دەکرێت پێکهاتەکانیان بۆ هەردوو لای هەرەمەکەوە چ بەلای ڕاست یاخود لای چەپ لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، هەروەک لە وشەکانی [نەشارەزایی، نامەردانە، نامرۆڤانە]دا خستمانەڕوو. کەواتە ڕۆنانی داڕشتنی هەرەمیی، بە دوو شێوە ڕۆنان ڕۆدەنرێن، ئەوانیش:

- داڕشتنی هەرەمیی ڕیزبەندی زنجیرەیی
- داڕشتنی هەرەمیی ڕیزبەندی ئازاد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی ڕیزبوونی سێیەمیانە، ئەویش ڕۆنانی ناهەرەمییە. کە ئاماژەمان بە چۆنییەتی ڕیزبوونی گیرەکەکان لەناو پێکهاتە ناهەرەمییەکاندا کرد. (لە زمانی کوردیدا ئەو وشانەی کەوا لەڕێگای دارشتنی ناهەرەمییەوە دروستبوون، ژمارەیان کەمترە لەو وشانەی کەوا لەڕێگای هەرەمییەوە دروستبوون)، (حسێن،2022: ل153). ئەمەش پەیوەستە بەوەی کەوا کاتێک دوو گیرەک بەجیا و هەنگاو بەهەنگاو دەچێتە سەر بناغەوە، ئەوا بناغە و گیرەکەکان دوو پێکهاتە و وشەی جیاواز لە زماندا دروستدەکەن، کە هەر پێکهاتەیەک بۆ مەبەستێک و بوارێکی تایبەتی بەکاردێت، ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ پاشخانی زمانی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان لێدەبینرێت، بەڵام کاتێک دوو گیرەک لەیەک کاتدا دەچێتە سەر بنکە یاخود بناغەیەک، تەنها یەک پێکهاتەی نوێ لە زمانەکەدا دروست دەکەن.

## دەرئەنجام

1- لە زمانی کوردیدا ئەو وشانەی کەوا لەرێگەی پرۆسەی دارشتنی ناهەرەمییەوە دروستبوون، ژمارەیان کەمترە لەو وشانەی کەوا لەرێگەی دارشتنی هەرەمییەوە دروستبوون، ئەمەش پەیوەستە بەوەی کاتێك دوو گیرەك بەجیاو هەنگاو بەهەنگاو دەچنە سەر بنکەوە، ئەوا بنکە و گیرەکەکان دوو پێکهاتەو وشەی جیاواز دروست دەکەن، کە هەر پێکهاتەیەکی بۆ مەبەستێك و بوارێکی تایبەت بەکاردێن. ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ پاشخانی زمانی و دەوڵەمەندکردنی زمان هەیە، بەڵام کاتێك دوو گیرەك لە یەك کاتدا دەچێتە سەر بنکەیەك، تەنها یەك پێکهاتەی واتادار لە زمانەکەدا دروست دەکات بۆیەش ناونراوە پێکهاتەی یەکهەنگاوی.

2- لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی دارشتنی هەرەمی لە زمانی کوردیدا، هاتنی مۆرفیمەکان چەند شێوە ڕیزبوونێك لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە:

1- (پێشگر + بنکە + پاشگر + پاشگر) هەروەك لە وشەی [بێفرۆکەوانی] بینیمان.
2- (بنکە + پاشگر + پاشگر) وەك لە وشەی [زمانەوانی].
3- (پێشگر + بنکە + پاشگر) وەك لە وشەی [نەشارەزایی، نامرۆڤانە].
4- (بنکە + پاشگر + پاشگر + پاشگر) هەروەك لە وشەی [زێڕینگەری].

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- هاتنی مۆرفیمەکان لە پرۆسەی دارشتنی ناهەرەمییدا تەنها یەك شێوە ریزبوون لەخۆدەگرێت، کە بریتییە لە:

- (پێشگر + بنکە + پاشگر) هەروەك لە وشەی [ڕاهێنەر، تێکۆشەر] بینیمان.

4- لەکۆتایدا توانرا ئەوە بسەلمێنرێت، کەوا لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆری وشە هەیە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی (دارشتن)دا، کە بەهۆی میکانزمی (هەرەمیی) هەنگاو بەهەنگاو دروسبوونە و هاتوونەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رێگا و پێوەرەی هەڵبژێردراوە توانای شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو پێکهاتانەی زمانی کوردی هەبووە، بەمەش پێوەرەکە ڕوانگەیەکی گونجاو بووە بۆ شیکردنەوەی ئەو جۆرە پێکهاتانە.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

ئەحمەد، نەرمین عومەر (2010)، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ئەمین، وریا عومەر (2004)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

بابەکر، صالح عبداللە (2016)، ڕێبازی مۆرفۆلۆجی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردەی قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.

باتینی، محەممەد ڕەزا (1993)، ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان، وەرگێڕان: حەسەنی قازی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد.

حسین، شمال زکی (2022)، ڕیزبوونی مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران.

حەمەد، دەریا سابیر (2023)، بەراوردی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا (لەڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیم بناغە) وە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

حمد، شێروان حسێن (2014)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا)، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، فاکەلتیی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ڕەحیمی، کامەران (1388)، بنەماکانی وشەسازی و وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، نشر گوتار، سقز- کوردستان.

سدیق، فاروق عومەر (2016)، لە دایکبوونی وشە، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

شوانی، ڕەفیق (2014)، وشەسازی زمانی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکییە)، دووەم چاپ، کۆمەڵگای داودی، کەرکووک.

فەتاح، محمد مەعروف (2010)، لێکۆڵینەوە زمانیەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو - شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (2013)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

سەعید، سازان زاهیر (2020)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا، سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

خالد، فاروق عزیز (2021)، پێکهاتە یەکهەنگاوییەکان لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیی پێکهاتندا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

کەڕەمی، سەعید (1396)، وشەناسی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، پەخشانگا زانستگای کوردستان، سنە.

کۆمەڵێک زمانەوان (2009)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: محەمەدی مەحوی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، دەزگای ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مەحوی، محەمەدی (2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردی)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محمد، حاتم ولیا (2019)، پەیوەندی ڕۆنانییەکانی نواندنە سنتاکسییەکان، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

نخبة من المختصين (٢٠٠٢)، الإنجيل قراءة الشرقية، دار الجيل، بيروت.
أولمان، ستيفن (١٩٨٦)، دور الكلمة في اللغة، ت: كمال محمد بشر (د.)، مصر.

## سەرچاوە فارسییەکان

أركان، فائزه (1390)، بررسی تحليل عناصر ساختواژى كلمات مركب فعلي بر مبناى نظريه صرف مبتنى بر واژه قاموسى، پژو هشماى زبانى، دوره (12)، شماره (1).

شريفى، شهلا (١٣٩١)، بدرسى رويكرد كل، واژه يا ساختواره بدون تقطيع به عنوان رويكرده واژه، بنياد حقيقي، نشريه مجموعه مقالات، دانشگاه علامه طباطبايي، شماره ٠٢٨٠

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Booij, G. (2007), The Grammar of Word, An Introduction to Linguistic Morphology, Second Edition, Oxford University Press, New York.

Booij, G. (2009), construction and lexical Units: An analysis of Duton numerals, linguist sane Baricite, Sonder Neft (19-1-14).

Booij, G. (2010), construction Morphology, oxford. oxford University press.

Crystal, David (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and languages, Black well.

Crystal, David (1981), Linguistics, penguim Books.

Katamba, Frances and Stonham, T. (2006), Morphology, Palgrave Macmillan.

Kiparsky, P. (1973), Elsewhere in Phonology, Seoul Hanshin.

Matthews, P. H. (2007), Oxford Concise Dictionary of Linguistics, Oxford University Press.

---

# The Hierarchical Structure of Complex Word

**Rekan Mohammedamin Sabir**
Kurdish Language, Basic Education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email:rekanamin76@gmail.com

**Prof. Dr. Hatam Wilya Muhammad**
Kurdish Language, Basic Education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: hatam.muhammad@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The theory, or collection of views, presented by linguists in various scientific sources, known as Morpheme-Based Morphology, advocates for analyses and interpretations to be predominantly concentrated at the morphological level. It posits that the same principles applied in syntactic analysis can be used to interpret morphological phenomena. The core of this theory is linked to the method of morpheme combination, meaning that complex (non-simple) words are viewed as a sequence of morphemes arranged linearly. Consequently, within this framework, morphology, much like syntax, can define morphemes. Thus, the same grammatical rules are considered to play a role in the combination of morphemes. In this theory, the primary unit of morphological analysis is the morpheme, defined as a unit that can be a word or smaller than a word. Affixes, akin to independent lexical morphemes, are considered to have their own distinct lexical entries in the language’s lexicon. Within this theory, word formation rules operate on sequences of morphemes and determine the manner in which lexical units are constructed. According to this perspective, morphological processes involve morphemes as input and yield complete words as output. This perspective and theory are particularly suited for languages that exhibit clear boundaries between the morphemes constituting their words.

***Keywords:*** *Hierarchical, Structure, Complex, Word, Kurdish Language.*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# البنية الهرمية للكلمات المعقدة

**ملخص:**
النظرية، أو مجموعة الآراء، التي قدمها علماء اللغة في مصادر علمية متنوعة، والمعروفة باسم "علم الصرف القائم على المورفيم (Morpheme-Based Morphology)"، تدعو إلى تركيز التحليلات والتفسيرات بشكل أساسي على المستوى الصرفي. تفترض هذه النظرية أن المبادئ نفسها المطبقة في التحليل النحوي يمكن استخدامها لتفسير الظواهر الصرفية. يرتبط جوهر هذه النظرية بمنهجية تركيب المورفيمات، بمعنى أن الكلمات المعقدة (غير البسيطة) يُنظر إليها كسلسلة من المورفيمات المرتبة خطياً. وبالتالي، ضمن هذا الإطار، يمكن لعلم الصرف، شأنه شأن علم النحو، أن يُعرّف المورفيمات. وعليه، يُعتقد أن القواعد النحوية (أو اللغوية) نفسها تلعب دورًا في تركيب المورفيمات. في هذه النظرية، الوحدة الأساسية للتحليل الصرفي هي المورفيم، والذي يُعرّف كوحدة يمكن أن تكون كلمة أو أصغر من كلمة. وتُعتبر الزوائد (اللواصق)، المشابهة للمورفيمات المعجمية المستقلة، ذات مداخل معجمية خاصة بها ومتميزة في معجم اللغة. ضمن هذه النظرية، تعمل قواعد تكوين الكلمات على سلاسل المورفيمات وتحدد الطريقة التي تُبنى بها الوحدات المعجمية. وفقاً لهذا المنظور، تشمل العمليات الصرفية المورفيمات كمدخلات وتنتج كلمات كاملة كمخرجات. هذا المنظور وهذه النظرية مناسبان بشكل خاص للغات التي تُظهر حدودًا واضحة بين المورفيمات المكونة لكلماتها.

**الكلمات المفتاحية:** بناء، الهيكل الهرمي، الكلمات، المعقدة، اللغة الكردية